# ( الاستـــغفـــــار ) داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە
# فەزڵەکانی – کاتەکانی – دەستەواژەکانی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ الاستغفار : فضله – وقته – صيغته ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ( الاســـتـغـفــــار ) داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە
# فەزڵەکانی – کاتەکانی – دەستەواژەکانی

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان، درودی نەپراوەش بۆ سەرگیانی پاکی پێشەوایی مرۆڤایەتی محمد المصطفی وسەرجەم ئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەمەی ئەیخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز کورتەیەکە لەسەر ( الإستغفار ) داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە وفەزڵ و کاتەکانی لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی بۆی بەکاردەهێنرێت لەکۆتایشدا کوورتە باسێك لەسەر یادی خواکردن وسوود وقازانجەکانی دەخەینە ڕوو .

( الاستغفار ) داوای لێخۆش بوون : بەو مانایە دێت کە بەندەکانی خوا لەپاش کەوتنە ناو گوناهـ و تاوانەوە، لە پەروەردگاریان دەپاڕینەوە کە لێیان خۆش بێت وتاوانەکەیان لەسەر بسڕێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی لە یادی ئەو زاتە پیرۆزە بێئاگا دەبن و شەیتانی نەفرین لێکراو لەخشتەیان دەبات، چونکە شەیتان سوێندی خواردووە کە هەمیشە وهەردەم لەبۆسەدا بێت بۆ نەوەکانی ئادەم تاوەکو بێ فەرمانی خودایان پێ بکات وەك لەقورئاندا هاتووە : ( قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٨٢) إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ) **{ص:٨٢-٨٣}** واتە : ئەی خوایە سوێند بەعیزەت وگەورەی تۆ بێگومان دەبێت نەوەکانی ئادەم هەموویان گومڕا بکەم * بەندە ڕاست وموخلیصەکانت نەبێت .

فەزڵەکانی ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە

١- دەبێتە مـایەی سڕینەوەی گوناهـ وتاوانەکـان : ( فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا ) { نوح : ١٠ } واتە: بەردەوام پێم گوتن: داواى لێخۆشبوون لەپەروەردگارتان بکەن، چونکە هەمیشە ئەو زاتە پیرۆزە گوناهـ پۆشە .

٢- دەبێتە مایەی باران بارین : ( يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا ) { نوح :١١ } واتە: داواى لێخۆشبوون لەپەروەردگارتان بکەن بارانتان پەیتا پەیتاو بەلێزمە بۆ دەبارێنێت .

٣- یارمەتی دانتان بە بەخشینی سەروەت وسامان وماڵ ومنداڵ : ( وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ ..) { نوح :١٢ } واتە : داواى لێخۆشبوون لەپەروەردگارتان بکەن، ماڵ وسامان و نەوەتان پێ دەبەخشێت ..

٤- دەبێتە مایەی بەخشيني باخ وباخات وکانی ورووبـار پێتان : ( وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا ) { نوح :١٢} واتە : چەندین باخات و بێستانتان دەداتێ کەجوانترین هۆن بۆ رابواردن وخۆشی هاوری لەگەڵ بەخشینی ڕووبار وکانی وجۆگای ئاو .

٥- بەخشینی هێز بەهەموو ماناکانیەوە : ( وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ ) { هود : ٥٢ } واتـە : نووح ( علیه السلام ) فەرمووی بەگەلەکەی : ئەی خزم و گەلەکەم لەپەروەردگارتان داوای لێبوردن وپۆشینی گوناهـ بکەن، پاشانیش تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆلای، ئەویش لەئاسمانەوە بەلێزمەو خورەم، بارانتان بۆ دەبارێنێ، و هێزیکی تر دەدا بەهێزو تواناتان زیاد لەهێزی خۆتان کەپێی بایی ببوون ..

٦- بەخشینی ژیانێکی باش : ( وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعًا حَسَنًا .. ) { هود : ٣ } واتە : داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، لەوەودوا بگەڕێنەوە بۆ لای، ئەوکاتە بەچاکی دەتانژێنێت بەژیانێکی چاک ..

٧- لادانی بەڵا وموصیبەت : ( وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ) { الانفال : ٣٣ } واتە : خوا تووشی سزا وبەڵا وموصیبەتیان ناکات لەکاتێکدا ئەوان داوای لێبوردن بکەن.

٨- ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون کردن لەخوا دەبێتە مایەی پێدانی فەزڵ وچاکەی خۆی بەهەموو خاوەن فەزڵێك : ( وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ ){ هود : ٣ } واتە : داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، لەوەودوا بگەڕێنەوە بۆ لای، ئەوکاتە بەچاکی دەتانژێنێت بەژیانێکی چاک، تا کاتێکی دیاریکراو، هەروەها پاداشتی هەموو خاوەن چاکەیەک بەزیادەوە دەداتەوە ..

٩- بەندەکانی خودا کەسێکیان نیە جگە لەپێغەمبەران (علیهم السلام) کە مەعصوم بن وگوناهـ وتاوان نەکەن ، لەبەر ئەوەی هەمیشە وهەردەم پێویستیان بە داوای لێخۆش بوون وئیستغفار هەیە، جا ئەگەر ئەمەیان کرد خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت و دەیان بورێت .

١٠- ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون کردن دەبێتە مایەی دابەزینی ڕەحمەت و میهرەبانی خودا : ( .. لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ) { النمل : ٤٦ } واتە : بۆچی داوای لێبوردن لەخوا ناکەن بۆخۆشبوون لەگوناهەکانتان، بەڵکو ڕەحمەتان پێ بکرێ ولێتان خۆشیببێت .

١١- ئیستغفار دەبێتە کەفارەت وسڕینەوەی گوناهەکانی ناو مەجلیس : **عَنْ أبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : « مَنْ جَلَسَ مَجْلِساً كَثُرَ فِيهِ لَغَطُهُ ، فَقَالَ قَبْلَ أنْ يَقُومَ مِنْ مَجْلِسِهِ ذَلِكَ : سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلَّا أنْتَ أسْتَغْفِرُكَ وَأتُوبُ إلَيْكَ ، إلَّا غُفِرَ لَهُ مَا كَانَ فِي مَجْلِسِهِ ذَلِكَ » { أخرجه أبو داود والترمذي }** واتە : هەرکەس لە مەجلیسێك دانیشت وقسەی بێ ڕێ وبێ جێی زۆری کرد ، ئەمجا لەپێش ئەوەی لەمەجلیسەکەی هەڵبسێت ووتی : ئەی خودایە پاك وبێگەردی وسوپاس وستایش بۆ تۆ ئەی خوایە ، شایەتی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لەزاتی تۆ ، داوای لێخۆش بوون لەتۆ دەکەم وتەوبە وپەشیمانی بۆ تۆ دەردەبڕم ، ئەگەر ئەمەی ووت : خوای گەورە لەوەی کردویەتی و وتویەتی لەو مەجلیسەدا لێی خۆش دەبێت.

## چەند ووتەیەکی بەنرخ لەسەر ئیستغفار

- ڕیوایەت کراوە کە لوقمانی حەکیم - سەلامی خوای لێ بێت – ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و دەڵێت : **" یابنی عود لسانك : اللهم اغفر لي، فإن لله ساعات لا يرد فيها سائلاً "** واتە : ئەی کوڕی شیرینم زمانت ڕابهێنە لەسەر ئەوەی هەمیشە بڵێیت : ئەی خوای گەورە لیم خۆش ببە چونکە لای پەروەردگار کاتێك هەیە کە نزا و دوعای کەسی تێدا ناگێڕێتە دواوە .

- عائیشەی دایکی ئیمانداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرموویەتی : **" طوبى لمن وجد في صحيفته استغفاراً كثيراً "** واتە : خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە لەناو نامەی کردەوەکانیدا زۆر ئیستغفار و داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە دەبینرێت.

- تابعی خواناس قەتادە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : **" إن هذا القرآن يدلكم على دائكم ودوائكم؛ فأما دائكم فالذنوب، وأما دوائكم فالاستغفار "** واتە: ئەم قورئانە ڕێپیشاندەری نەخۆشی ودەرمانی نەخۆشیەکانتانە، نەخۆشیەکانتان گوناهکردنتانە، ودەرمانیشی ئیستغفار وداوای لێخۆش کردنە .

- حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : **" أكثروا من الاستغفار في بيوتكم، وعلى موائدكم، وفي طرقاتكم، وفي أسواقكم،**

**وفي مجالسكم، فإنكم لا تدرون متى تنزل المغفرة "** واتە : زۆر ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون بکەن لە ماڵەکانتاندا ،لەسەر سفرە وخوانی خواردنتان، لە ڕێگا وبانتان، لە بازاڕتان، لە مەجلیس وشوێنی دانیشتنتان، چونکە ئێوە نازانن کەی لێخۆش بوونی خودا دادەبەزێت .

- دەشتەکی ( ئەعرابی )یەکیش ووتویەتی : **" من أقام في أرضنا فليكثر من الاستغفار، فان مع الاستغفار القطار "** واتە : هەرکەس لە خاك و وولاتمان نیشتەجێ بوو، با زۆر ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون لەپەروەردگار بکات، چونکە لەگەڵ داوای لێخۆش بووندا ڕەحمەتی باران بارین دێت .

- ئەبو المنهال ئەڵێت : **" ما جاور عبد في قبره من جار أحب من الاستغفار "** واتە : هیچ بەندەیەك دراوسێیەتی هیچ کەسێکی لەگۆڕدا هێندەی دراوسێیەتی ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون لەپەروەردگار پێخۆش نیە .

کاتەکانی داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە :

ئیستغفار وداوای لێخۆش بوون کردن لەخوای گەورە لەهەمو کاتێکدا موستەحەبە، بەڵام لەپاش گوناهـکردن واجبە، هەروەها لەپاش ئەنجامدانی کاروکردەوەی باشیش موستەحەبە، وەك سێ جار ووتنی (أستغفر الله) پاش نوێژەکان، یان لەپاش ئەنجامادنی حەجی ماڵی خودا .

دیسان موستەحەبە ئیستغفار کردن لەکاتی پارشێوکردن وپێش نوێژی بەیانی؛ چونکە خوای گەورە وەصف وثەنای ئەو کەسانەی کردووە کە لەو کاتەدا ئیستغفار دەکات، وەك فەرموویەتی : (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٥) آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ

إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ (١٦) كَانُوا قَلِيلًا مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ (١٧) وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ

يَسْتَغْفِرُونَ ) **{ الذاريات : ١٥-١٨}** واتە : بەڕاستی پارێزکارانیش لەباخ وکانیاوەکانی بەهەشتدا ژیانی خۆش دەبەنەسەر* ئەو شتانەی کەپەروەردگار بۆی ئامادەکردون پێیان دەبەخشێت، ئەوانەیش بەخۆشی وشادیەوە وەریدەگرن، بەڕاستی

ئەوانەپێشتر وشادیەوە وەریدەگرن، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لەدنیاداچاکەکارو چاکەخواز بوون* لەشەوگاردا زۆر کەم دەخەوتن ورادەکشان (لەبەر زۆری شەو نوێژ وقورئان خوێندن ویادی خوداکردن) * لەبەرەبەیانەکانیشدا داوای لێخۆشبوونیان لەپەروەردگـــاریان دەکرد .

## دەستەواژەکانی ئیستغفار :

١- گەورە وسەیدی ئیستغفار وباشترینیان بریتی یە لە : **(اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت، خلقتني وأنا عبدك وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ما صنعت، أبوء لك بنعمتك عليّ وأبوء بذنبي، فاغفر لي، فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت )** واتە : خودایە تۆ پەروەردگاری منیت، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لەتۆ، منت بەدیهێناوە، وە منیش بەندەی تۆم، وەتا بتوانم لەسەر ئەو پەیمان وبەڵێنەم کە بەتۆم داوە، پەنا دەگرم بەتۆ لەخراپەی ئەوەی کە کردومە، دان دەنێم بەو ناز ونیعمەتانەی تۆ کە لەسەرمە، وەدان دەنێم بەگشت تاوانەکانمدا، سا خودایە لێم خۆشبە، بەڕاستی کەس لەگوناهـ خۆش نابێت جگە لەتۆ .

٢- دەشتوانیت بڵێیت : **( أستغفر الله )** واتە : ئەی خوای گەورە داوای لێخۆش بوونت لێ دەکەم .

٣- یان بڵێیت : **( رب اغفر لى )** واتە : خودایە لێم خۆش بە .

٤- وەیان بڵـــێ : **(اللـــهم إني ظلمت نفسي فاغفر لي، فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت )** واتە : ئەی خودایە من ستەم و زڵمم لەخۆم کرد، دەی تۆ لێم خۆش بە، چونکە هیچ کەسێك نیە جگە لەتۆ لەگوناهـ خۆش ببێت .

٥- ئەم دەستەواژەیەش هاتووە : **( رب اغفر لي وتب عليّ إنك أنت التواب الرحيم )** واتە : ئەی پەروەردگارم لێم خۆشبە وتەوبەم لێوەربگرە، چونکە بێگومان تۆ زۆر تەوبە وەرگر وبە ڕەحم ومیهرەبانیت .

٦- وەیان بڵێ : **(اللهم إني ظلمت نفسي ظلماً كثيراً ولا يغفر الذنوب إلا الله، فاغفر لي مغفرةً من عندك، وارحمني إنك أنت الغفور الرحيم )** واتە: ئەی خوای گەورە من زوڵم وستەمێکی زۆرم لەخۆم کرد، وەهیچ کەسێکیش نیە

لەگوناهـ وتاوان خۆش ببێت جگە لە الله دەی تۆش بە لێخۆش بوونی خۆت لێم خۆشبە، وە ڕەحمم پێ بکە بەڕاستی تۆ زۆر لێبووردە ومیهرەبانیت .

٧- بەم شێوەیەش هاتووە : **( أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه )** واتە : داوای لێخۆش بوون لەو خودایە دەکەم کە هیچ خودایەکی بەهەق نیە جگە لەئەو کە هەمیشە زیندووە و ڕاگری بوونەوەرە، بۆیە داوای تەوبەی لێ دەکەم ودەگەڕێمەوە بۆلای .

## فەزڵەکانی کۆڕ ومەجلیسی یاد وذکری خودا

کۆڕ ومەجلیسەکانی یاد وذیکری پەروەردگار فەزڵێکی گەورەیان هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئێمەش هەوڵدەدەین بەپێی توانا هەندێك لەو فەزڵانە بۆ ئێوەی بەڕێز بخەینە ڕوو ئەویش بە هیواو وئومێدی ئەوەی کە ببێتە مایەی زیاتر ئارەزوومەند کردنی ئامادەبوون لەو کۆڕ ومەجلیسە پیرۆزانەدا، ئەویش بە بەشداری کردن وبەگوێگرتن یان ئامادەکردنی بابەتێك بۆ ئامادەبووان یان پێشکەش کردنی دیاریەکی وەك کاسێتێ محاضرەیەك یان پێچراوە ( مطوية )یەکی بەسوود بەئامادە بووان، فەزڵەکانی کۆڕ ومەجالیسی ذیکری پەروەردگار زۆرن، گرنگترینیان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە :

١- دابەزینی دڵ ئارامی وسەکینەت بۆ سەر ئەو کۆڕ ومەجلیسانە، ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : مەبەست لە سەکینەت ودڵ ئارامی ڕەحمەت وبەزەیی پەروەردگارە ..{ **صحيح مسلم بشرح النووي ١٨٩/١٧ }** خـوای گـەورەش فـەرمویـەتـی : ( الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ) **{ الرعد : ٢٨ }** واتە : ئەوانەی باوەڕیان هیناوەو دڵ ودەروونیان ئارام دەبێت

بە قورئان وپەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگادارین دڵەکان: هەر بە قورئان ویادی خواو (پاپەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

٢- داپۆشینی ئامادەبووانی ئەو کۆڕ ومەجلیسانە بە ڕەحمەت وبەزەیی خودای بەرز وباڵادەست .

٣- دەوردانی ئەو كۆڕ ومەجلیسانە بە فریشتەكان وئامادەبوونیان تێیاندا .

٤- پەروەردگار بەخێر وچاكە باسیان دەكات لای خەڵكی ئاسمانەكان كەمەبەست پێی فریشتەكانە .

ئەم چوار فەزڵەی كۆڕ ومەجلیسەكانی ذیكر هەموویان پێغەمبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) لەفەرموودەیەكی صەحیحدا باسی كردوون كە دەفەرموێت : **( ما اجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة، وغشيتهم الرحمة، وحفتهم الملائكة، وذكرهم الله فيمن عنده ) { رواه مسلم ٣٦٩٩ }** واتە : هیچ گەل ودەستە وتاقمێك لەماڵێك لەماڵەكانی خوای گەورە كۆنابنەوە كە كەلام وكتێب وقورئانەكەی پەروەردگار بخوێننەوە ولەنێوان خۆیاندا لێی بكۆڵنەوە، ئیلا سەكینەت ودڵ ئارامی ورەحم ومیهرەبانی خوای گەورە دەیانگرێتەوە وفریشتەكانیش بەدەوریاندا دێن ودەڕۆن وپەروەردگاریش لای خەڵكی ئاسمان وفریشتەكان باسیان دەكات .

ئەم فەرموودە وچەندان فەرموودەی تری صەحیح باس لەم فەزڵانەی ذیكر دەكەن جا هەر كۆمەڵ ودەستەیەك لەمزگەوت وغەیری مزگەوتیش كۆببنەوە بۆ لێكۆڵینەوە ودیراسەكردنی قورئانی پیرۆز وزانستە شەرعیەكان دەكەونە بەر موژدەی ئەم فەرموودانە .

٥- فەخر وثەنا ودەرخستنی فەزڵ وجوانیەكانی ئەو كەسانەی لەو كۆڕ ومەجلیسانەدا ئامادە دەبن لەلایەن خوای گەورەوە لای فریشتە بەڕێزەكان .

**عن أبي سعيد الخدري ( رضي الله عنه ) قال: خرج معاوية بن أبي سفيان رضي الله عنهما على حلقة في المسجد، فقال: ما أجلسكم؟ قالوا: جلسنا نذكر الله، قال: آلله ما أجلسكم إلا ذاك؟ قالوا: والله ما أجلسنا إلا ذاك، قال: أما إني لم أستحلفكم تهمة لكم، وما كان أحد بمنزلتي من رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) أقل حديثا مني وإن رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) خرج على حلقة من أصحابه فقال : ( ما أجلسكم؟ ) قالوا: جلسنا نذكر الله، ونحمده على ما هدانا للإسلام، ومنّ به علينا، قال :( آلله ما أجلسكم إلا ذاك؟ ) قالوا: والله ما أجلسنا إلا ذاك، قال :( أما إني لم**

**أستحلفكم تهمة لكم، ولكنه أتاني جبريل فأخبرني أن الله عز وجل يباهي بكـم الملائكة )  { رواه مسلم٢٧٠١ } .**

واته : ئەبو سـەعیدی خودری ( ڕەزای خوای لێ بێت ) ئەڵێت : موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ( خوا لەخۆی وباوکی ڕازی بێت ) چوویە دەرەوە بۆلای یەکێك لە ئەلقە ذیکرەکانی مزگەوت، ووتی پێیان : چی وا لێرە داینیشاندوون؟ ئەوانیش ووتیان: دانیشتووین یاد وذیکری خوای گەورە دەکەین، ئەویش ووتی : تو ئەو خوایە تەنها بۆ ئەمە دانیشتون؟ ئەوانیش ووتیان : بەخوای گەورە تەنها بۆ ئەمە دانیشتوین، معاویەش ( خوای لێ ڕازی بێت ) ووتی : من کاتێك سوێندم دان مەبەستم ئەوە نەبوو کە گومانم هەبێت لەڕاستیتان، چونکە کەس وەك من کەمترین فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە نەگێڕاوەتەوە، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم ) دەرچووە دەرەوە بۆ لای کۆڕێکی هاوەڵانی، پێی فەرموون : چ شتێك لێرە داینشاندوون؟ ئەوانیش ووتیان : دانیشتووین ذیکر ویادی خودا دەکەین وسوپاسی دەکەین کە هیدایەت و ڕێنومایی کردووین بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیســلام ومنەتی کردوە بەســەرماندا، پێغەمبەریش ( صلی اللە علیە وسلم ) پێ فەرموون :  تو ئەو خوایە تەنها ئەمە دانیشاندوون ؟ ئەوانیش ووتیان : بەخـــوای گەورە تەنها بۆ ئەمــە دانیشتوین، پێغەمبەری ئازیزیش ( صلی اللە علیە وسلم ) پێی فەرموون : من کاتێك سوێندم دان مەبەستم ئەوە نەبوو کە گومانم هەبێت لەڕاستیتان، بەڵام جوبرەئیل هات بۆلام وهەواڵی پێدام کە خوای گەورە ( جل جلالە ) فەخرتان پێوە دەکات وثەناتان دەکات لای فریشتەکانی خۆی .

ئیمامی نەوەوی لەشەرح وراڤەی ئەم دەستەواژەیەدا (إن الله عز وجل يباهي بكم الملائكة ) دەڵێت : مەبەست پێی ئەوەیە خوای گەورە فەزڵی ئەو کەسانە بۆ فریشتەکان ئاشکرا دەکات وچاکە وجوانی کاروکردەوەکانیان دەخاتە ڕوو بۆیان، وسوپاس وثەنایان دەکات لایان **{ صحيح مسلم بشرح النووي ١٧/١٩٠ } .**

٦- لێخۆش بوونی گوناهـ وتاوانەکان و گۆڕینیان بەچاکە وخێر .

لەفەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە : **( إن لله تبارك وتعالى ملائكة يطوفون في الطريق يلتمسون أهل الذكر فإذا وجدوا قوما يذكرون الله**

**تنادوا: هلموا إلى حاجتكم قال: فيحفوهم بأجنحتهم الى السماء الدنيا، قال: فيسألهم ربهم عز وجل ـ وهو أعلم منهم ـ: ما يقول عبادي؟ قال: تقول: يسبحونك ويكبرونك ويحمدونك ويمجدونك، قال: فيقول: هل رأوني؟ قال: فيقولون: لا والله ما رأوك. قال :فيقول: وكيف لو رأوني؟ قال: يقولون: لو رأوك كانوا أشد لك عبادة وأشد لك تمجيداً وأكثر لك تسبيحاً. قال: يقول: فما يسألوني؟ قال: يقولون: يسألونك الجنة، قال: فيقول: هل رأوها؟ فيقولون: لا والله يا رب ما رأوها، فيقول :فكيف لو رأوها، فيقولون: لو أنهم رأوها كانوا أشد عليها حرصاً وأشد لها طلباً وأعظم فيها رغبة. قال: فمم يتعوذون؟ قال: فيقولون: من النار، قال :يقول: وهل رأوها؟ قال: فيقولون: لا والله يا رب ما رأوها، قال: فكيف لو رأوها؟ فيقولون: لو رأوها كانوا أشد منها فراراً وأشد منها مخافة. قال :فيقول: أشهدكم أني قد غفرتُ لَهُمْ، قال : يقولُ ملكٌ منَ الملائِكَةِ : فيهم فلانٌ ليسَ منهُمْ إنما جاء لحاجة. قال: هم الجلســـاء لا يشقى بهم جليسهم ) { رواه البخاري : ٦٤٠٨ } .**

واته : خوای گەورە کۆمەڵە فریشتەیەکی هەن بەسەر ڕێگاوبانەکاندا هاتوچۆ دەکەن ودەسوڕێنەوە ودەگەڕین بەدوای ئەو کۆڕ وکۆمەڵەی کە ذیکرویادی خوای گەورە دەکەن، جا هەرکاتێك دەستەو تاقمێکیان بینی کە یادوذیکری خودا دەکەن، هاوار دەکەن ودەڵین : وەرن بۆ پێویستیەکانتان، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : فریشتەکان بە باڵەکانیان دەوریان دەدەن تادەگاتە ئاسمانی دونیا، ئەمجا فەرمووی : خوای گەورە پرسیاریان لێ دەکات –لەکاتێکدا کە خۆیشی شارەزاترە پێیان – بەندەکانم چی دەڵێن : فەرمووی : فریشتەکان لەوەڵامدا دەڵێن : تەسبیحات وتەکبیرات وحەمد وسوپاس وبەگەورەت دەگرن ئەی خودایە، فەرمووی : خوای گەورە پێی فەرموون : ئایا منیان بینیوە؟ ئەوانیش ووتیان : نەبەخوا نەیانبینیوت، خوای گەورەش دەفەرموێت : ئەی ئایا ئەگەر منیان ببینایە حاڵیان چۆن دەبوو؟ ووتیان : ئەی خودایە ئەگەر تۆیان ببینایە زیاتر تۆیان دەپەرست وزیاتر تەسبیحات و تۆیان بەگەورە دەگرت، ئەمجا خوای گەورە دەفەرموێت : باشە داوای چی لەمن دەکەن؟ ئەوانیش دەڵین : داوای بەهەشت دەکەن، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا بەهەشتیان بینیوە ؟ ئەوانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگارمان نەیانبینیوە، خوای گەورە -جل جلاله - دەفەرموێت : باشە

ئەی ئەگەر بیانبینایە چۆن دەبوون ؟ ئەوانیش دەڵێن : ئەگەر بەهەشتیان ببینایە زیاتر سوور دەبوون لەسەری وزیاتر داوایان دەکرد وحەزیان لێی بوو، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت : ئەی لەچ شتێك پەنایان دەگرت ؟ ئەوانیش دەڵین : ئەی خوای گەورە : پەنایان لەئاگر دەگرت کە بیانپارێزیت، ئەویش پێیان دەفەرموێت : ئایا ئاگریان بینیوە؟ فریشتەکانیش دەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگارمان نەیانبینیوە، خوای گەورەش دەفەرموێت : باشە ئەی ئەگەر بیانبینایە حاڵیان چۆن دەبوو؟ ئەوانیش دەڵین: ئەگەر بیانبینایە زیاتر لێیان ڕادەکرد وزیاتر لێشی دەترسان، ئەمجا خوای گەورە دەفەرموێت : دەی ئەوە من ئێوە بەشاهید دەگرم کە من لێیان خۆش بووم، پاشان یەکێك لە فریشتەکان دەڵێت : ئەی خوای گەورە فلان کەسێکیان تێدایە لەوان نیە و بۆ ذیکر و یادی خودا نەهاتووە، بەڵکو پێویستیەکی خۆی هەبووە لەوێ ئامادەیووە، خوای گەورەش لەوەڵامدا دەفەرموێت : ئەو جۆرە کەسانەی کەدانیشتوون - وبەو شێوەیە سەرگەرمی ذیکر ویادی خودا بن – ئەو هاوڕێیەشیان لەگەڵ ئەوانەدا سەرگەردان وخراپەکار وبێ بەش نابێت لێیان .

لەکۆتایدا بەهێندە واز دەهێنین و داواکارین لەخوای گەورە ئەم چەند ووشە کورت وبەپێزە سوود وقازانجی هەبوو بیت بۆ من وئێوە وسەرجەم ئەو موسڵمان وپرواداراانەی کە دەیخوێننەوە، هەروەها بەوشێوەیەش بێت کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی زاتی هەق تەعالای پەروەردگار بوویێت، وە داواکارین لەخوای گەورەش ئەجر وپاداشتی بەخێری من بنوسێت کە ئامادەمان کردوە وبۆ ئێوەش کەخوێندوتانەتەوە وبۆ ئەو کەسانەشی کە بڵاوی دەکەنەوە و دەیگەیەننە دەست کەسانی تریش ( ئامین یارب العالمین ) .

وصلى الله وسلم وبارك على رسولنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته